# <u>ناساندنی کتێب</u>

هەڵۆ بەرزنجەیی

٢٠١٥/١/ ١٠

*سینگ بە سووتان ،دڵ بە گریان، شاربەشار و دەربەدەر*

*کێیە وەک من هەڵوەدابێ دوورە یار و بێ دیار*

*خوێن لە دڵما هاتە چاو و (بەکرەجۆ)یەک کەوتەڕێ*

*وادەکەم من چاری دەردو داخی دووری (سەرچنار)*

*(خالیدا)گەر ئەشقیا و چۆڵگەرد و شێت نەبی*

*تۆ لە کوێ؟غەزنەین وکابول یاوڵاتی قەندەهار؟*     مەولاناخالید




***ڕێبازی سۆفیگەریی نەقشبەندی ـ خالیدی  ///  مەولانا خالید و تەریقەتی خالیدی***

و. لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمە ساڵح تۆفیق،چاپی دووەم ٢٠١٤ سلێمانی...

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان   ٤٦٦ لاپەڕە.

رەنگە، چەند ووتەیەک، لە عۆدەی دا نەبێ، پانۆرامای پانتایی ڕێبازی مەولانا خالیدی شارەزووری،کە نێزیکی دوو سەدە تەمەنێتی و لە جوگرافیایەکی پانوبەرینی زۆربەی وڵاتانی ئاسیا و لە ئیمڕۆدا ئەوروپا و ئەمریکا ئامادەگی هەیە،وەک تابلۆیەکی دروستی چالاکی و ئامانجەکان بەرجەستە بکات. ئاخر مەولانایەک، لە ١٨١٠ دا و لەو بارودۆخە دواکەوتوو و پڕ لە کێشمەکێشەی ناوچەی سلێمانی و کوردستاندا، بە تاسەوە تاهیندستان دوای ڕێبازێک بکەوێ. داخۆ دەبێت ئەو مێژووە چ ماناو لێکدانەوەیەک لەخۆی بگرێت؟!.

ئەگەرچی بۆ ئێمە ئەستەمە، سەدان سەرچاوە و هەزاران لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی و بیانی لەسەر ژیان و ڕێبازی مەولانا خالید، نادیدە بگیرین، لێ ئەوەی لێرەدا بە ناچاریی ئیستێکمان پێدەکات ،ئەو ڕاستییەیە کەوا هێشتاش لەسەر ئەم پیاوە هەڵکەوتووە و ڕێبازەکەیی و ڕەهەند و کاریگەرێتی، وەک پێویست ئاشنایەتییەکی بەرفراوان لای خوێنەری کورد نییە. بە واتایەکی دیکە ،ئەم دیاردەیە نەبۆتە بەشێکی دیار و زیندووی ڕۆشنبیریی کوردیی. هەڵبەت، ئێمە لەبەردەم ئەو ئەگەرەدا رادەوەستین و دەپرسین: گەر ئەم پیاوە، دەرفەتێکی لەبارتری لەسەر گۆڕەپانی کوردستان هەبوایە،یان بۆ سازبووایە، ئایا گەلێ لە پرسە کۆمەڵایەتی و دینی و سیاسییەکانی ئێستامان ، ڕەهەندی دیکەیان لە خۆ دەگرت؟ شیمانەی ئەوە دەکرێت،رەنگ بوو چارەنووسی کوردستانیش بە ئاڕاستەیەکی تردا ڕەوتی بکردایە؟!.

گەرچی، تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەلی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، لەسەر ئەم دیاردەیە، بێچەندوچوون کوردستانیبوونی ئەم ڕێبازە بسەلمێنێ، یان بەروونی بنەما دیارەکانی پرۆژەیەکی نەتەوەیی تێدا بەرچاوبکەوێ. دیارە باس لەو ڕۆژگارە دەکەین ،کە دەوڵەتی عوسمانی ومیرنشینی بابان لە سەر شانۆی سیاسی بوون.

ساڵی ١٨١٥، مەحمود پاشای بابان، بۆ ئاشتکردنەوەی دڵی تۆراوی مەولاناو هێنانەوەی لە بەخداوە بۆ سلێمانی، خانەقای مەولانای بۆ دروست دەکات...خاڵێکی دیکە، ئەوەیە هەموونوێنەرەکانی لەناوچە جیاجیاکاندا یان زۆرینەیان کوردبوون. پێشم وایە تا هەنووکە ئەم باسە جێی مشتومڕە و لێکۆڵێنەرەوان، بەدوای بەڵگەی

کۆنکرێتیدا لەمەڕ پرۆژەی کوردستانی لە خەون و خەیاڵ و بەرنامەی مەولانادابێوچان دەگەڕێن. واتە توێژینەوە بەردەوامە و شیمانەی ئەوە دەکرێت، بەڵگەنامەی نوێ لەم رووەوە بکەوێتە بەردەست و ئەم پەردە تاریکەی مێژوو رووناک بکرێتەوە.

**عەباس عەزاوی** دەڵێ: مەولانا کەسێکی ناوازەبوو لە ئاکاریدا،تاک و بێوێنەبوو لە ئازایەتی و پیاوەتی و سەخاوەتدا،توانای عەقڵی و پێشبینیکردنی بێسنوور بوو، لە خۆڕاگری و ئارامیدا بێکۆتابوو،تواناو دانایی تەواوی هەبوو بۆ ئەوەی بتوانێت سەرلەنوێ دەوڵەتی عوسمانی زیندوو بکاتەوە و لە قاڵبێکی نوێدا دایبمەزرێنێتەوە.

**د. بتروس ئەبو مەننە** ، لە تێزی دکتۆراکەیدا لەسەر مەولانا ئاماژە بەوە دەکات ،کە مەولانا لە لایەن شێخ مارفی نۆدێ و دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانییەوە،تاوانبار دەکرێت بەوەی ئارەزووی بەدەستگرتنی دەسەڵاتی هەیە.

مەولانا بە بۆچوونی عەزاوی،توانای زیندووکردنەوەی دەوڵەتی عوسمانی بوو بێت و بە دیدی ئەبو مەننە مەولانا ئارەزووی دەسەڵاتخوازی هەبوو بێت. کەواتە دەکرێت بپرسین : ئەی بۆ لەو هەلومەرجەدا بە پێپلیکانەی میرنشینی بابان دا بەرەو سەربەخۆیی کوردستان/ دەسەڵاتی سەڵتەنەت هەڵنەکشا؟. لێرەدا چاوەڕێی وەرام ناکەین و دەڵێین ئەم هەڵکەوتووە مەزنە و رێبازەکەی لە دوو بەرەوە رووبەرووی ئاستەنگ دەبێتەوە،دەرئەنجام بۆ خۆ بەدوورگرتن لە پێکداهەڵپژان بە تایبەتی لە سنووری میرنشینی باباندا،بڕیاری جێهێشتنی کوردستان رووەوە بەخدا دەدات و پاشان بۆ نیشتەجێبوون لە شام، ملی رێی نامۆیی دەگرێت. بەوەدا شیعری بۆ ئەورەحمان پاشای بابان گوتووە، پێدەچێت بە چاوێکی پڕ بە نرخەوە لەو دەسەڵاتە کوردییەی نۆڕیبێت. گەرچی مەولانا پەرۆشی زۆری بۆ چالاکی و کاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هەبووە، کەچی بەردەوام داوای لە لایەنگرانی کردووە، خۆیان لە قاجاریی و عوسمانی بە دوور بگرن. هەر وەک لەم لێکۆڵیوانەشدا بەدیار دەکەوێ،مەولاناو رێبازی سۆفیگەرێتی، بە درێژایی هەبوونیان، سەنگەریی ئۆپۆزیسیۆنیان بەرامبەر بە دەسەڵات هەڵبژاردووە. دیارە هەستی بە مەترسییەکانی ئەم دوو ناوەندەی دەسەڵات کردووە، نەیویستووە، سەرەرۆیی بەخۆیی و لایەنگرەکانی بکات. بە تایبەت ئەو لە سەرەتای راگەیاندنی پەیامەکەیدابووە و مەبەستی بووە، بە هۆشیارییەوە بیگەێنێتە کەناریی ئارامیی.

خوێنەری بەرێز:

ئامانجی ئەم کورتە نووسینە، ناساندنی بەرهەمێکی نازدارو تژی لە زانیاریی و زانینە لەسەر مەولانا و رێبازەکەیی و کاریگەرێتییان لە رووبەرێکی پانوبەرینی گۆی زەویدا. سۆفیگەرێتی نەقشبەندی بە پێی بۆچوونی پرۆفیسۆر حامید ئالگەر،لەخەباتی رزگاریخوازی ولاتانی چیچان و داغستان، سیما و خەسڵەتی دژە کۆلۆنیالیستی هەبووە.

ئەم بەرهەمە، لە لایەن نوسەر و وەرگێڕی بە تواناو خاوەن سەلیقە و پسپۆڕی بواری ئەنفال و ژینۆساید،مامۆستا محەمە حەمەد ساڵح تۆفیقەوە لە ئینگلیزییەوە کراوە بە کوردیی. نوسەر بە زمانێکی کوردی رەوان وپاراو بابەتەکانی دووتوێ ئەم بەرهەمەی وەرگێڕاوە،کە بریتی لە (١٣) بابەت و لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و شارەزا و زانستکارو ئەکادیمیستی بێگانەوە نووسراون.

پوتروس ئەبو مەننە، پرۆفیسۆر لە زانکۆی حەیفا/ ئیسحاق وایزمان، پرۆفیسۆر لە زانکۆی حەیفا/ تیری زارکۆن، توێژەر لە مەڵبەندی لێکۆڵینەوی زانستی لە فەرەنسا/ حامید ئالگەر،پرۆفیسۆر لە زانکۆی کالیفۆڕنیا- ئەمریکا/ میشیل کامپەر،پرۆفیسۆر لە زانکۆی ئەمستەردام - هۆڵەندا / مارتن ڤان بروینەسن، لەزانکۆی ئوتریشت - هۆڵەندا/ فلۆریان سۆبیرۆژ، پرۆفیسۆر لە زانکۆی فەریدریک شیللەر - ئەڵمانیا

سامویلا پاگانی، پرۆفیسۆر لەزانکۆی لیچی - ئیتالیا/ ئەرسەر بوهلەر،توێژەر لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

هەر وەک مامۆستاش،لە کورتە پێشەکییەکەیدابۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی ئاماژەی پێداوە، خوێنەر باوەڕ ناکات،ئەم نووسەرانە،چەند بە ووردیی و بە دیقەتەوە شوێنپێی ئەم رێبازەیان هەڵگرتووە و بۆ لێکۆڵینەوەکانیان هێندە بە سەلیقە و فرە زانیاری کاریان کردووە. هەمان کات بەو ئەندازەیە پشوودرێژبوون و سەریان بەسەر سەدان سەرچاوە و کتێبخانەی کۆن و نوێی جۆراوجۆری پەرشوبڵاوی تەپوتۆز لێنیشتوودا شۆڕکردۆتەوە.

خۆ گەر وا نەبووایە، تێگەیشتن و ساخکردنەوە و بەدوادا گەڕانی ئەم هەموو کۆدو کلیل و مانا و هێمای ئالۆزو قورسی رێبازی سۆفیگەرییەکەی مەولانا خالید ،هەروا کارێکی ساناو سەرپێی نییە. مەگەرلە ئاکامی خوێندنەوەیەکی ووردی ئەم

بەرهەمە، ئەم راستییە فاشتر ئاشکرا بێت. دیسان دەردەکەوێ، چۆن ئەم نووسەرانە و تاکوێ عەودالّی گەیشتن بە سەرچاوەو و بنجوبناوانی ئەم رێبازەبوون و چ کۆشش و ماندووبوونێکیان خستۆتە سەرشانی خۆیان تا دەستیان لە چمکی ئەو مێژووە فەرامۆشکراوە گیر ببێت.

وەک ئاماژەمان پێدا،مەولانا خالید، تا هیندستان دوای باوەڕەکەی کەوتووە.پاش وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردن لە شاعەبدوڵڵای دەهلەوی،دەگەڕێتەوە سلێمانی و لە هەلومەرجێکی دژوار و ئالۆزی پڕ لە کێشمەکێشدا،دەست بە بلاّوکردنەوەی رێبازەکەیی و بانگاشە بۆکردنی دەکات...چەندجارێ سلێمانی جێدێڵێ و بەرەو بەخداو هەورامان دەڕوات و دواجار ساڵی ١٨٢٢ بە یەکجاریی روو لە دیمەشق دەکات دەیکات و لێێ نیشتەجێ دەبێت. هەڵبژاردنی دیمەشق ، وەک لێکدراوەتەوە،دەگەڕێتەوە بۆ نێزیکی ئەم ناوەندە لە ئەستەمبوڵ و هەمان کات سەرەڕێی حەجی مەککەوە بووە. مەولانا لە ماوەی تەنیا ١٦ ساڵ چالاکی نواندندا نێزیکی ٧٠ خەلیفە لە پاش خۆی پێدەگەێنێ. شێخەکانی سیراجەدین لە هەورامان کە لە پاس کۆچی خۆی بۆ شام تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٩٠.لە کوردستاندا نایەڵن تروسکەی رێبازەکەی خامۆش بێت،لێ پێدەچێ پاش کۆچی دوایی شێخ عوسمانی دووەم ئەم رێبازە لە کوردستاندا بەرەوکوێربوونەوە بچێ و نەمێبنێ..لە ئێستادا جێگرەوەیەکی دیاری نەقشبەندی لە کوردستاندا بەدیار نییە. شاراوە نییە ولەم کتێبەشدا بەرچاو دەکەوێ،کە دەیان و سەدان کەسایەتی گەورە،لەناو دەسەلاّت و دەرەوەی دا، لە ئاسیا دا سەر بەم رێبازە بوون و کاریکەرێتی مەولانا خالیدیان لەسەر بووە. ناوەکانی عەبدولرەحمان کەواکبی و محەمەد تەنتاوی و تورکت ئۆزال و شاملی داغستان و گەلێ بەرپرس و شێخی گەورە لە ئیندۆنیسیاو ئەفغانستان و تەتەرستان وروسیا و ترکیا بە تایبەت و جیهانی عەرەبی ئیسلامی بە گشتی،ئاماژەن بۆ کاریگەرێتی ئەم رێبازە.

هەرکەسێ بیەوێ زانین و زانیاریی، لەسەر ئەم رێبازە فراوانتر بکات،{{ *پرسەکانی وحدة الوجود، یەکێتی بوون/ حلول، وێنابوونی خودا لەشێوەی مرۆڤدا و اتحاد،یەکگرتنی مرۆڤوخودا* }} یان شتی نوێ فێربێت و ئاسۆیی مەعریفی زیاد بکات و لە نێزیکەوە خۆی بکاتە هاوگەشتی رێبازەکەی مەولانا و بڕەک بەو مێژوو و فەرهەنگە ئاشنابێت، گەرەکە خۆی لە خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە بێبەش نەکات.

هەروەک شا غولاّم عەلی دەڵێ،رێگەی نەقشبەندی لە چوار بناغە پێکدێت:

*{{نەبوونی بیری چەواشە، ئامادەگی بەردەوامی دڵ، بەکێشکردن بەرەو خودا و وەرگرتنی پێوەندی لە خوداوە}}.* هەروەها لە لاپەڕە ١٦٩ ی کتێبەکەدا هاتووە: *رۆح بریتییە لە راهێنان و تاقیکردنەوەی نکۆڵیکردن لە خود،گەشتکردن بەناو نهێنییەکاندا بریتییە لە تواندنەوەی خودی کەسێک لە ناو زاتی خودادا،گەشت بە ناو نهێنیی غەیبدا(خەفی) جوداکردنەوەی خودایە لە هەموو روخسارێک و گەشت و گوزەر کردنیش بەناو نهێنیدا(ئەخفا) جیاکردنەوەی مەخلووقە لە خالیق. ئەمە تەنها گەشتکردن بەناو رۆحدایە،کەوا دەکات کەسێک یەکبوونی تێڕامان تاقیبکاتەوە(تەوحیدی شهوودی).*

جێی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدەم کەوا مامۆستای وەرگێر، پەراوێزەکانیشی وەرگێڕاوە . لە کاتێکدا، نووسەر هەیە پشتی بەزیاتر لە ١١٢ سەرچاوە بۆ وتارەکەی بەستووە. برای وەرگێر بەم کارەی خزمەتێکی گەورەتر پێشکەش بە خوێنەر دەکات...

هەرچۆنێک بێت، کتێبخانەی کوردیی زۆر پێویستی بە بەرهەمی لەم چەشنە هەیە. وێڕای دەستخۆشی لە وەرگێڕی بە توانا،مامۆستا محەمەد،هیوادارم بەردەوام بێت لەسەر ئەم رێچکەی خزمەتە نایابەی کتێبخانەی هەژار و ژێکەڵەی کوردیی.

حەزرەتی مەحوی لەمەڕ مەولاناوە دەفەرموێ:

لە فەیزی ناوی (مەولانا زیائەدین)ەوە ئێستە

هەموو رۆژ و شەوم،قەترەی وجودم بەحری ئەنوارە

هەتا ئەو ناوە پاکەم کردە زیکر و فیکری رۆژ و شەو

هەناسەم بۆنی میسکی گرتووە،لێوم شەکەربارە

---

سەرنج: بۆ ئەم ناساندنە،سودم لە کتێبی مەولاناخالید موسافیرە بێ نیشتمانەکە. ئامادەکردنی عەلی عەبدوڵڵا وەرگرتووە.